2061

مجلة إكليل للدراسات الانسانية

التصنيف الورقي: العدد 25 /آذار/2026

المجلد(7)- العدد(1)-الجزء(2) IASJ–Iraqi Academic Scientific Journals

# کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە گەشەپێدانی کارامەیی نوسینی داهێنەرانە بە زمانی کوردی لەلای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی

م.ی. علاء حبيب لطيف جاسم

زانکۆی دیالە-کۆلێژی پەروەردەی المقداد

**وشە کلیلییەکان:** ستراتیژییەتەکانی دوای مەعریفە، نووسینی داهێنەر، زمانی کوردی، قۆناغی ئامادەیی

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژییەتەکانی دوای مەعریفە لە گەشەپێدانی کارامەیی نووسینی داهێنەرانە بە زمانی کوردی لە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییا.

گرنگی توێژینەوە لەوەدایە، لە بنەماوە هەوڵی پەرەپێدانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی دەدات، بۆئەوەی لەگەڵ پێویستییەکانی بیرکردنەوەی نوێ بگونجێت، کە لەسەر ئاگایی بە پرۆسە ئەقلییەکان لە کاتی فێرکردن دامەزراوە، کەواتە ئەو ستراتیژانە بە دەروازیی نوێ دادەنرێن، کە یارمەتی خوێندکاران لەسەر پلان و چاودێریکردن دەدات، هەروەها هەڵسەنگاندنی خودی لە کاتی نوسیندا، کە دەبێتە هۆی چاکترکردنی کوالێتی ئەنجامی نوسینەکی و زیادبونی وزەی داهێنەرانە.

توێژەر پشتی بە ڕێبازی نیمچە ئەزمونیە بەستوە، بە نەخشەکێشانی دو کۆمەڵەی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکرا)، بەپێی بەرنامەی دانراو لەسەر ستراتیژەکانی دوای مەعریفە وانەی بە کۆمەڵەی ئەزمونی وتوە، هاوکات بە ڕێگای کلاسیکی وانە بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو وتوە، نمونەی توێژینەکە پێکهاتووە لە (40) خوێندکار لە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە دواناوەندی قەندیلی تێکەڵ لە پارێزگای دیالە، بۆ ساڵی خوێندنی (2025 - 2026)، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی بۆ پێوانی کارامەیی نوسینی داهێنەرانە (ڕوانی، نەرمی، ڕەسەنایەتی) ئامادەکردوە، ئەنجامەکە بونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0،05) لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی دەرخستوە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر کارایی بەرنامەی دانراو لەسەر سترتیژەکانی دوای مەعریفە لە چاکترکردنی کارامەیی نوسینی داهێنەرانە، هەروەها ڕوندەبێتەوە قەبارەی کاریگەری (Cohen's d) گەیشتوە بە (2،83)، ئەوە ئامارژە بۆ کاریگەری زۆر بەهێزی ئەزمونی.

توێژەر گەیشتوە بەو دەرئەنجامە، ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر ستراتیژەکانی دوای مەعریفە، بەشداری لەوە دەکات پرۆسەی نوسین زیاتر ئاگایانە و ڕێکخراو بێت، هەروەها تواناکانیان لەسەر نوسینی دەق گەشە پێدەدات، کە بە ڕەوانی و نەرمی و ڕەسەنایەتی وەسفدەکرێت.

توێژەر ڕاسپاردەی هەیە، پێویستە پرۆگرامی زمانی کوردی چالای دانراو لەسەر بیرکردنەوەی سەروی مەعریفی لەخۆبگرێت، هەروەها مامۆستایانی زمان لەسەر کارکردن بەو ستراتیژانە لە وانەکانی نوسین ڕابهێنرێن، هەروەها پێشنیاری ئەنجامدانی توێژینەوە لە داهاتو دەکات، سەبارەت بە کاریگەری ئەو ستراتیژانە لە کارامەیی زمانەوانی دیکە، وەکو تێگەیشتنی خوێندنەوەی تێگەیشتن و ئاخاوتن.

**بەشی یەکەم**

**- پێشەکی:**

کارامەیی نوسینی داهێنەرانە بە دیارترین دەرئەنجامی فێربونی زمان، کە پرۆگرامی پەروەردەی نوێ هەوڵدەدات لەلای خوێندکاران گەشەی پێ بدات، کە ڕۆڵی کارای لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و گەشەپێدانی ئەندێشەی زمانەوانی هەیە، کە خوێندکاران توانای گوزارشتکردنیان لە خودی خۆیان بە ڕێگایەکی ڕەسەن و جۆراوجۆر دەبێت.

لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی پەروەردەی هاوچەرخدا، کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی "خوێندکار چۆن بیردەکاتەوە"، لە بری "چی فێردەبێت"، ستراتیژەکانی دوای مەعریفە دەرکەوتن، لەسەر ئەو بنەمایەی دەروازەیەکی نوێیە، بەشداری لە ڕێکخستنی بیرکردنەوە و چاکترکردنی ئەدای نوسینەکەی لەلای خوێنکاران دەکات.

کەواتە ئەو ستراتیژانە یارمەتی گەشەپێدانی ئاگایی لە پرۆسەی هزری دەدەن، کە هاوەڵی پرۆسەی نوسینە دەکات، لە پلاندان و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن، کە دەبێتە هۆی چاکترکردنی کوالێتی دەق بەرهەمهاتو و زیادکردنی ڕوانەی و نەرمی و ڕەسەنایەتی.

دەستپێك لە گرنگی نوسینی داهێنەرانە، بۆ پەرەپێدانی کارامەیی خوێندکار لە زمانی کوردی، ئەمتوێژینەوەیە هاتوە بۆ دۆزینەوەی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە گەشەپێدانی ئەو کارامەیی لەلای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، لە هەوڵێك بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی و پاڵپشتیکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەلای خوێندکاران.

**- کێشەی توێژینەوەکە**

توانای بیرکردنەوە و نوسینی داهێنەرانە، بە یەکێك لە گرنگترین ئەو کارامەییانە دادەنرێت، کە سیستەمی پەروەردەی نوێ هەوڵدەدات لەلای خوێندکاران گەشەی پێبدات، ئامانجی پەروەردە لەسەر پێدانی مەعریفە و ڕاستییەکان بە خوێندکاران کورتناکاتەوە، بەڵکو ئەوە تێدەپەڕێنێت بۆ بەدەستهێنانی توانا لەسەر کارپێکردنی ئەو مەعریفانە لە بەرهەمهێنانی چارەسەر و بیرۆکەی نوێی داهێنەرانە، بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئاڵنگارییەکانی داهاتو (عفت الطناوي، 2005،ص200).

هەروەها لە بواری فێرکردنی زمانەکان، نوسینی داهێنەرانە گرنگی تایبەت بەدەست دەهێنێت، کە خۆی لە ئامرازی گوزارشتکردن لە خود نابینێتەوە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ قوڵبونەوەی تێگەیشتنی

زمانەوانی، ڕێککردنی بونیادی هزری بۆ خوێندکار، هەروەها پاڵپشتیکردنی بەستنەوەی بە ناسنامەکەی و ڕوشنبیرییەکەی، ئەوە دەبێتە ئامانجێکی جەوهەری لە وتنەوەی زمانی کوردی.

لەگەڵ ئەو گرنگەییەیدا، تێبینی هەبونی ناتەواوی لە پەیڕەوکردنی مامۆستایانی ئێستا دەکەین، کە لە فێرکردنی زمانی کوردی پەیڕەودەکرێت، زۆرجار جەخت دەکرێتە سەر لایەنی پێوەری بۆ زمان، وەکو ڕێسای ڕێزمانی و ڕێنوسی، لەسەر بەرژەوەندی فەرامۆشکردنی کارامەیی ئەقڵی باڵا، کە نوسینی داهێنەرانە پێویستی پێیەتی (فتحي جروان، 2002،ص120). ئەو ناتەواوییە لە لاوازی ئاستی خوێندکاران لە بەرهەمهێنانی دەقی داهێنەرانە ڕەنگدەداتەوە، کە خۆی لە ڕەسەنایەتی و نەرمی و ڕەوانی دەبینێتەوە، هەروەها نوسینەکانیان بەلای شێوازگەری و دوبارەکردنی بیرۆکەی بەکارهاتوە، هەروەها ئاماژەیە بۆ هەبونی کەلێن لە نێوان ئەوەی پێ دەوترێت و ئەوەی داواکراوە بۆ گەشەپێدانی نوسینی داهێنەرانە، سەبارەت بەو پرسە گرنگە خليل (2020، ص 230) جەختی لەوە کردوە، لاوازی پەیڕەوکردنی مامۆستای کلاسیك لە وتنەوەی زمانی کوردی، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی کارامەیی نوسینی داهێنەرانە لەلای خوێندکار، بۆیە پێویستە پشت بە ستراتیژە مەعریفییە زۆر کارلێکەکان ببەسترێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناتەواوییە، ئاراستەی نوێ لە پەروەردە دەرکەوت، کە جەخت دەکاتە سەر گواستنەوەی تەوەری گرنگیدان لە "خوێندکار بیر لە چی دەکاتەوە" بۆ "چۆن بیر دەکاتەوە"، لە دیارترین ئەو ئاراستانە، ستراتیژەکانی "دوای مەعریفەیە" (Metacognitive Strategies)، فلافل (Flavell, 1979،P85) بە یەکەم کەس دادەنرێت کە ئەو چەمکەی بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ ئاگایی تاك، بە پرۆسەی بیرکردنەوە و توانای لەسەر ڕێکخستنی و هەڵسوڕاندنی. لە ڕەوتی نوسیندا، ستراتیژەکانی دوای مەعریفە، واتا ڕاهێنانی خوێندکار لەسەر پلاندانان بۆ نوسین، هەروەها چاودێریکردنی بیرۆکەکان لە کاتی بۆهاتن و دارشتنیان، هەورەها هەڵسەنگاندنی ئەو دەقەی کە بەرهەمی دەهێنێت، بە ئامانجی چاکترکردنی، کە لە کۆتی نوسینی هەڕەمەکی نا ڕێکخراو ئازدی دەکات، وزە داهێنەرانەکەی دەردەبڕێت (فتحي جروان، 2002،ص١٩).

لەسەر بنەمای ئەوانەی لە پێشدا خستمانەڕو، کێشەی توێژینەوەکەی ئێستا لە هەبونی لاوازی تێبینیکراو لە کارامەیی نوسینی داهێنەرانەی بە زمانی کوردی لەلای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی دیاری دەکرێت. لەسەر بنەمای ئەم دیاریکردنە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدانە بۆ زانینی کاریگەری بەکارهێنانی بەرنامەیەکی دانراو لەسەر ستراتیژەکانی دوای مەعریفە بۆ گەشەپێدانی ئەو کارامەییە، ئەوەش لە ڕێگای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییە: کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە گەشەپێدانی کارامەیی نوسینی داهێنەرانە (ڕەوانی، نەرمی، ڕەسەنایەتی) بە زمانی کوردی لەلای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی؟

**- ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی توێژینەوەی ئێستا بۆ بەدیهێنانی ئەمانەیە:

1. بونیادنانی بەرنامەیەکی لەسەر ستراتیژکانی دوای مەعریفە دانرابێت، بۆ گەشەپێدانی کارامەیی نوسینی داهێنەرانە بە زمانی کوردی.

2. دۆزینەوەی کارایی ئەو بەرنامەیە لە گەشەپێدانی نوسینی داهێنەرانە (ڕەوانی، نەرمی، ڕەسەنایەتی) لەلای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی.

**- گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی توێژینەوەکەی ئێستا خۆی لەو دو لایەنە دەبینێتەوە:

- گرنگی تیۆری: ئەم توێژینەوەیە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی پەروەردەیی لە بواری فێرکردنی زمانی کوردی دەکات، لە ڕێگای پێشکەشکردنی چوارچێوەی تیۆری و جێبەجیکردن کە نێوانی ستراتیژەکانی دوای مەعریفە وەکو گۆڕاوی نوێ و کارامەیی نوسینی داهێنەرانە وەکو یەکێك لە دەرئەنجامەکانی فێرکردنی باڵا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.
- گرنگی جێبەجێکردن: هیواخوازین توێژینەوەی ئێستا بەرنامەیەکی زانستی پێشکەش بکات، کە مامۆستایانی زمانی کوردی و سەرپەرشتیارانە لە پەرەپێدانی پەیڕەوکردنی وانەوتنەوە سودی لێ ببینن. هەروەها سودی بۆ پلاندانەری پرۆگرامەکان هەبێت، لە دەستەبەرکردنی چالاکی دوای مەعریفە، کە ئامانجی گەشەپێدانی داهێنان بێت لەلای خوێندکاران.

**- گریمانەکانی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەی ئێستا هەوڵی تاقیکردنەوەی ڕاستی ئەم گریمانەیە سفرییە دەدات:

"بونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (05،0 ≥ α) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو، لە جێبەجیکردنی دوایی بۆ تاقیکردنەوەی کارامەیی نوسنی داهێنەرانە (ڕوانی، نەرمی، ڕەسەنایەتی)، هەریەك بە تەنها، هەروەها کۆ نمرە بۆ تاقیکردنەوە".

**- سنوری توێژینەوەکە**

جێبەجێکردنی توێژینەوەکەی ئێستا، لەسەر ئەم سنورانە کورت دەبێتەوە:

1. سنوری بابەتی: گەشەپێدانی هەندیك کارامەیی نوسینی داهێنەرانە (ڕوانی، نەرمی، ڕەسنی) لە بابەتی زمانی کوردی.

2. سنوری مرۆڤایەتی: نمونەیەك لە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی.

3. سنوری شوێنی: دواناوەندی قەندیلی تێکەڵلە قەزای خانەقین، پارێزگای دیالە.

4. سنوری کاتی: ئەزمونی توێژینەوەکە لە ساڵی خوێندنی 2025 – 2026 ز جێبەجێکراوە.

**- زاراوەکانی توێژینەوەکە**

1. كاریگەری (The Effect):

- ڕێکاری: بریتییە لە "جیاوازی نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی (کە بە ستراتیژەکانی دوای مەعریفە دەخوێنن) لەگەڵ نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (کە بە ڕێگای کلاسیکی دەخوێنن) لە جێبەجیکردنی دوایی بۆ تاقیکردنەوەی کارامەیی نوسینی داهێنەرانە". ئەو کاریگەرییە لە ڕێگای قەبارە و ئاستی بەڵگەکانی ئامارسانە پێوانە دەکرێت.

2. ستراتیژەکانی دوای مەعریفە (Metacognitive Strategies):

- پێناسەی فلاڤیل (Flavell, 1979) بریتییە لە: " ئاگایی تاك و توانای لەسەر کۆنترۆڵکردن لە پرۆسەی ئەقڵییە مەعریفییەکانی پەیوەست بە فێربون.
- ڕێکاری: بریتییە "لە کۆمەڵێك ڕێکار و هەنگاوی ڕێکخراو (پلاندان، چاودێریکردن، هەڵسەنگاندن)، کە خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزمونی لەسەر ڕادەهێنرێن، بە ئامانجی ڕێکخستنی بیرۆکەکانیان و بەڕێوەبردنی پرۆسەی نوسین لەلایان.

3. گەشەپێدانی کارامەیی:

- پرۆسەیەکی ڕێکخراو و بەردەوامە کە ئامانجی لێی پەرەپێدانی تواناکان، لێهاتووییەکان و شارەزاییەکانی تاکە، بۆ ئەوەی ئاستی ئەنجامدانی کار بەرز بکرێتەوە و کارایی و کوالێتی کار باشتر بێت

4. نوسنی داهێنەرانە (Creative Writing):

- پێناسەی جروان (2002) بریتییە لە: "چالاکی ئەقڵی ئاوێتە، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بیرۆکە، بە ڕشدی و ڕەسەنی جیادەکرێتەوە، لە ڕێگای کارپێکردنی کارامەییەکانی ڕەوانی و نەرمی و ڕەسەنی".
- ڕێکاری: بریتییە لە "توانای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەسەر بەرهەمهێنانی دەق بە زمانی کوردی، بە ڕشدی و جۆراوجۆری و زۆری وەسفدەکرێت، هەروەها بەو نمرەیە پێوانە دەکریت، کە لە تاقیکردنەوەی نوسینی داهێنەرانە ئامادەکراوە بۆ ئەو توێژینەوە بەدەستی دەهێنن، کە کارامەییەکانی (ڕەوانی، نەرمی، ڕەسەنی) لەخۆدەگرێت".

**- بەشی دووەم -**

ئەم بەشە ئەدەبیاتی پەروەردەیی و لێکۆڵینەوەکانی پێشو دەخاتە ڕو، کە گۆڕاوەکانی توێژینەوەی سەرەکییان وەرگرتوە، لە دو تەوەری بنەڕەتیدا: تەوەری یەکەیم پاشخانی تۆری ستراتیژەکانی دوای مەعریفە و نوسینی داهێنەرانە وەردەگرێت، بەڵام لە تەوەری دوەم گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی پێشوی پەیوەندیدار دەخرێتەڕو.

**تەوەری یەکەم: پاشخانی تیۆری**

یەکەم: ستراتیژەکانی دوای مەعریفە (Metacognitive Strategies)

1. چەمکی دوای مەعریفە:

چەمکی دوای مەعریفە (Metacognition) بە چەمکە نیمچە گرنگە دادەنرێت لە دەروونزانی مەعریفی، کە شۆڕشێکی لە تێگەیشتنی چۆنیەتی فێربون بەرپاکرد، چاکەی دەرکەوتنی دەگەڕێندرێتەوە بۆ جۆن فلاڤێل (Flavell, 1979, p. 906) پێناسەی کردوە، بریتییە لە "زانینی تاك و درککردنی بۆ پرۆسەی مەعریفە، هەروەها توانای لەسەر کۆنترۆڵکردنی و ڕێکخستنی". زۆر بە سادەیی، بریتییە لە "بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە"، واتای ئەوەیە خوێندکار تەنها بە وەرگرتنی مەعریفە ناوەستێت، بەڵکو بەئاگا دەبێت سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی و چارەسەرکردنی و هەڵسەنگاندنی.

عفت الطناوي (2005، ص. 115) ئاماژە بەوە دەکات، دوای مەغریفە بریتییە لە "توانای تاك لەسەر بەکارهێنانی لە پرۆسە ئەقلییەکان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا"، پرۆسەکە دەکات بە دینامێکی، نەك تەنها مەعریفەیەکی نەرێنی، لە ڕەوستی فێرکردنی زمانی کوردی، واتای ئەوەیە خوێندکار فێری ڕێزمان نابێت، بۆئەوەی ئەزبەری بکات، بەڵکو بۆئەوەی بیر لە چاکترین ڕێگای بەکارهێنانی بکاتەوە، هەورەها چاودێری نوسینەکەی بکات، بۆ دڵنیابونەوە لەوەی بێ هەڵەیە، هەروەها کۆتا دەقەکەی هەڵدەسەنگێنێت، بۆئەوەی ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجی داواکراو بەدیهێنێت.

هەروەها ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی الشمري (2021، ص.167) ئاماژە بەوە دەکات، ڕاهێنانی خوێندکار لەسەر ستراتیەکانی دوای مەعریفە، بەشداری لە چاکترکردنی ئاستی نوسینی داهێنەرانەیان دەکات، لە ڕێگای زیادبونی ئاگاییان بە پرۆسەی پلاندان و پێداچونەوەی خودی لە کاتی نوسیندا.

2. پێکهاتەی دوای مەعریفە:

دوای مەعریفە پێکدێت لە سیستەمێکی تەواو لەو پێکهاتانەی بەیەکەوە کاردەکەن بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی فێربون، کە چەندین توێژەر ڕێکەوتن (Schraw & Dennison, 1994, p. 460) وەکو لەسەر دیاریکردنی دو پێکهاتەی سەرەکی:

* مەعریفەی دوای مەعریفە (Metacognitive Knowledge): مەعریفەی تاك سەبارەت بە خۆی وەکو خوێندکار (خاڵی بەهێزی و لاوازی) دەگرێتەوە، هەروەها مەعریفەی بە ستراتیژە جیاوازەکانی کە دەتوانین بەکاریانهێنیت (وەکو پوختەکردن، پرسیارکردن، پلاندانان)، هەوەرها مەعریفەی سەبارەت بە پێویستییە گرنگەکانی فێرکردن (کەی، لەبەرچی تەنها ئەو ستراتیژە دیاریکراو بەکاردەهێنرێت).

* کارامەیی یان ستراتیژەکانی دوای مەعریفە (Metacognitive Skills/Strategies): بریتییە لە لایەنی ڕێکاری و جێبەجیکردن، ئەو پرۆسانە لەخۆدەگرێت، کە تاك بەکاریدەهێنێت بۆ ڕێکخستنی فێربونی، (عبد الوهاب محمد، 2000، ص 25) پۆلێنیان دەکات بۆ سێ کارامەیی بنەڕەتی:

* پلاندانان (Planning): بریتییە لە پرۆسەی پێش ئەداکردن، دیاریکردنی ئامانج و ستراتیژی گونجاو لەخۆدەگرێت، هەروەها دابەشکردنی کات و سەرچاوەی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکە.

* چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردن (Monitoring & Control): بریتییە لە پرۆسەیەکی بەردەوام لە کاتی ئەداکردن، کە تیایدا تاك ڕادەی پێشکەوتنی ڕوەو ئامانجەکە هەڵدەسەنگێنێت، هەورەها هەڵەکان دەدۆزێتەوە و ستراتیژەکەی لەسەر بنەمای فیدباکیە خودی هەمواردەکاتەوە.

* هەڵسەنگاندن (Evaluation): پرۆسەیەکە لە دوای تەواوبون لە ئەداکردن دێت، تاك تیایدا بڕیار لەسەر ڕادەی سەکەوتنی لە بەدەستهێنانی ئامانجە و لەسەر کارایی ستراتیژەکانی بەکارهێناون دەدات.

3. گرنگی ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە نوسین:

ئەو ستراتیژانە گرنگی زۆر لە کارامەییە ئاڵۆزەکان بەدەستدەهێنن، وەکو نوسینی داهێنەرانە. نوسەری شارەزا بە شێوەی هەڕەمەکی نانوسێت، بەڵکو پرۆسەی دوای مەعرۆفە بە ئاگایی یان بێ ئاگایی پەیڕەودەکات، (Paris & Winograd, 1990, p. 15) ڕونی کردوتەوە، فێرکردنی ئەو ستراتیژانە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و خێرا خوێندکاران لە خوێندکارێکی نەرێنی دەگوازێتەوە بۆ خوێندکارێکی چالاك و سەربەخۆ، کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی فێربونیان هەبێت، هەروەها لە کاتی جێبەجێکردنی لە بواری فێربون زمانی کوردیدا، یارمەتی خوێندکار لەسەر تێپەڕاندنی قۆناغی نوسینی ڕوکەش و شێوازگەری دەدات، پاڵی دەنێت ڕووەو بەرهەمهێنانی دەقی قوڵ و داهێنراو، لەبەرئەوەی دەتوانیت بە کارایی بیرۆکەکانی بەڕێوەببات.

دووەم: نوسینی داهێنەرانە (Creative Writing)

1. چەمکی نوسینی داهێنەرانە:

نوسینی داهێنەرانە بە لوتکەی ئەدەکردنی زمانەوانی دادەنرێت، پرسی تەنها پابەندبون بە ڕاستی و دروستی زمانەوانی تێدەپەڕێنێت، بۆ گەیشتن بە ئاستی کاریگەری جوانی و هزری. فتحي جروان (2002، ص. 45) پێناسەی کردوە "چالاکی ئەقڵی ئاوێتەیە، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی چارەسەری نوێ و ڕەسەن بۆ کێشەیەك". بەڵام محمود منسي (2001، ص. 78) وایدەبینێت، بریتییە لە " توانای گوزارشتکردن لە بیرۆکە و هەستەکان بە ڕێگایەکی نوێ و جیاواز لە ڕێگا باوەکان".

لە چوارچێوەی فێربونی زمانی کوردی، نوسینی داهێنەرانە ئامانجی دەرچون لە ئەدیبان و شاعیران نییە، بەڵکو بۆ گەشەپێدانی "بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە" لەلای خوێندکاران، بۆئەوەی بتوانێت

زمان به نەرمی و متمانەوە بۆ بەرهەمهینانی بیرۆکەی نویٚ بەکاربهێنێت، چ لەنوسینی کورتە چیرۆك بێت یان لە وەسفکردنی دیمەنێت بێت، یان گوزارشتکردن لە دیدی کەسی بە ڕێگایەکی ڕازیکەر و داهێنراو بێت.

2. کارامەیی نوسینی داهێنەرانە:

بە پشتبەستان بە مۆدێلی جیلفورد (Guilford) لە داهێنان، کە زۆربەی توێژەران لە بوارەکە تەبەنیان کردوە، وەکو(صلاح الدين عرفة، 2006، ص. 50)، دەتوانێن کارامەیی سەرەکی بۆ نوسینی داهێنەرانە بەو شێوەیە دیاری بکەین:

* ڕەوانی (Fluency): بریتییە لە توانا لەسەر هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە بیرۆکە یان وشە یان ڕستە لە بابەتێکی دیاریکراو، لە ماوەیەکی کارتی دیاریکراودا، کە لایەنی چەندایەتی بۆ داهێنان دەنوێنێت.

* نەرمی (Flexibility): توانایە لەسەر هێنانی بیرۆکەی جۆراوجۆر لە گۆشەی جیاواز، هەروەها حالەتی هزری دەگۆڕێت، بۆئەوەی لەگەڵ هەڵوێستی نوسینەکی بگونجێت، ئەویان لایەنی جۆری داهێنان دەنوێنێت.

* ڕەسەنایەتی (Originality): بریتییە لەو کارامەییانەی پەیوەندی زۆری بە داهێنانەوە هەیە، واتە توانا لەسەر بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نویٚ و ناوازە و دەگمەن، ئەوانی دیکە لە پێشدا نەیان هێناوە.

3. پەیوەندی لە نێوان دوای مەعریفەی و نوسینی داهێنەرانە:

پەیوەندی نێوان ئەو دو چەمکە، پەیوەندییەکی تەواوە، ستراتیژەکانی دوای مەعریفە ئەو "ئامرازەیە" کە ئاراستەکردنی پرۆسەی بیرکردنەوە ڕێکدەخات، بەڵام نوسینی داهێنەرانە بریتییە لەو "بەرهەمەی" ڕەنگدانەوەی جۆری ئەو بیرکردنەوەیە. ئەو خوێندکارەی پەیرەوی پلاندانان دەکات، ڕەوانتر دەبێت، لەبەرئەوەی بیرۆکەکانی پێش نوسین ڕێکدەخات. هەروەها ئەو خوێندکارەی پەیرەوی چاودێریکردن دەکات، زۆر نەرم تر دەبێت، لەبەرئەوەی ڕێگای داخراو لە بیرکردنەوەی دەدۆزێتەوە و ڕەتەکەی هەموار دەکاتەوە. هەروەها ئەو خوێندکارەی پەیرەوی هەڵسەنگاندن دەکات، ڕەسەن تر دەبێت، لەبەرئەوەی هەڵەکانی خۆی دەزانیت و هەوڵدەدات هەمو جارێك بیرۆکەی چاکتر پێشکەش بکات، هەروەها (Harris, 2003, p) جەختی لەسەر کردووەتەوە، نوسەرانی داهێنەر، ئەوانەن ئاگایی باڵایان بە پرۆسەی نوسینەوە هەیە، هەروەها توانای بەڕێوەبەردنیان بە کارایی هەیە.

**سێیەم: ڕۆڵی ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە چاکترکردنی کارامەیی نوسینی داهێنەرانە:**

ستراتیژەکانی دوای مەعریفە بە گرنگترین ئاراستەی نویٚ لە پەرەپێدانی کارامەیی نوسین دادەنرێت، کە خوێندکار دەتوانیت لە کاتی قۆناغی بەرهەمهێنانی دەقی نوسینەکی کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی بکات.

لێکۆڵینەوە پەروەردەییە نوێیەکان جەختیان لە بەکارهێنانی ئەو ستراتیژانە کردوەتەوە، کە بەشداری لە پاڵپشتیکردنی ئاگایی خودی لە پرۆسەی هزری دەکەن، کە هاوەڵی پرۆسەی نوسین دەکەن وەکو پلاندانان، پێداچونە، هەڵسەنگاندنی خودی.

ئەو خوێندکارەی ئاگایی بەوە هەیە کە لە کاتی نوسین دەیکات، توانای لەسەر دۆزینەوەی هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیان زیاتر دەبێت، هەروەها زۆر نەرمترن لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بیرۆکەکان و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی دەقی یەکگرتو و داڕێژراودا.

هەروەها لێکۆڵینەوە نوێیەکان ڕونیان کردوەتەوە (الشمري، 2021؛ حميد، 2024)، ڕاهێنانی خویندکار لەسەر بیرکردنەوە لە بیرکردنەوەیان لە کاتی نوسین، دەبێتە هۆی چاکتربونی بەرچاو لە ڕەوانی و نەرمی ڕەسەنایەتی، ئەوانە سێ ڕەهەندن، بە ئاماژەی سەرەکی بۆ نوسینی داهێنەرانە دادەنرێن.

ئەوە ئاماژە بەوەدەکات، پەیوەندی نێوان دوای مەعریفە و داهینان، پەیوەندییەکی ڕوکەش نییە، بەڵکو پەیوەندی تەواوکاری مەعریفی و ڕەفتارییە، کە بیرکردنەوەی سەروی مەعریفی ڕەفتاری نوسینەکی ئاراستە دەکات و ڕێکیدەخات، تیایدا ئەدای زمانەوانی هاوسەنگتر بەرهەمدەهێنێت.

**چوارەم: پەیوەندی نیوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئاگایی سەروی کەعریفی لە فێربونی زمان:**

چەندین توێژەری هاوچەرخ ئاماژە بەوەدەکەن، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بەبێ بونی ئاگایی سەروی مەعریفی کە پرۆسەی هێنانی بیرۆکە و هەڵسەنگاندنی ئاراستە بکات، دەرناکەوێت.

ئەو خوێندکارەی درکی سروشتی بیرکردنەوە و ڕێگاکانی چارەسەرکردن بۆ زانیارییەکان دەکات، توانای زیاترە لەسەر بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ و گونجاو، کە بیرکردنەوەی سەروی مەعریفی وەکو ئامرازێك بۆ ڕێکخستنی داهێنان و کۆنترۆڵکردنی لە چوارچێوەی مەعریفی ئاگایانە بەکاردەهێنێت.

لێکۆڵینەوە نوێیەکان دەریانخستوە (الرفاعي، 2022؛ الجنابي، 2023) گەشەپێدانی ئاگایی سەروی مەعریفی لەلای خوێندکار، بەشداری لە بەرزکردنەوەی ئاستەکانی داهێنانی نوسین دەکات، لە ڕێگای چاکترکردنی کارامەییەکانی پلاندانان و هەڵسەنگاندنی خودی بۆ بیرکردنەوە و کەمکردنەوەی دوبارەبونەوە و چەقبەستویی هزری لە کاتی نوسین.

هەروەها تێکەڵکردنی نێوان ستراتیژەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی دوای مەعریفە، دەبێتە ئاراستەکردنی پەروەردەیی هاوچەرخ لە فێرکردنی زمان، هاوکات هەوڵی پەرەپێدانی کەسایەتی خوێندکاری بیرکەرەوە و داهێنەر لە ڕێگای پەیرەوکردنی نوسینی شیکاری و داهێنراو دەدات.

**تەوەری دوەم: لێکۆڵینەوەکانی پێشو**

لەم تەوەرەدا هەندێك لە لێکۆڵینەوەکانی پێشو دەخەینەڕو، کە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەیان وەرگرتوە، لەگەڵ ساغکردنەوەیان لە کۆتاییدا.

1. لێکۆڵینەوەی عبد الوهاب محمد (2000): ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوەیە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژەکانی دوای مەعریفەیە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی خوێندنەوەی تێگەیشتن لەلای خوێندکارانی قۆناغی دواناوەندی. لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی نیمچە ئەزمونی لەسەر نمونەیەك لە خوێندکارانی بەکارهێناوە، دابەشیکردون بۆ کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو. ئەنجامەکە گەیشتوە بە هەبونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی، کە لەسەر ستراتیژەکانی دوای مەعریفە ڕاهێنرابون.

2. لێکۆڵینەوەی عفت الطناوي (2005): ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوەیە گەڕانە بەدوای کاریگەری بەکارهێنانی هەندێك لە ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە گەشەپێدانی دەستکەوت و بیرکردنەوەی داهێنەرانە، لە زانستەکان لەلای خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ئامادەیی. ئەنجامەکە سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزمونی لەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لە هەریەك لە دەستکەوتی خوێندن و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەرخستوە.

3. لێکۆڵینەوەی صلاح الدين عرفة (2006): ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوەیە بونیادنانی بەرنامەیە لە ڕەوانبێژی دانراو لەسەر تەواکاری هونەری شیعر و پەخشان، بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەلای خوێندکارانی قۆناغی دواناوەندی. لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی نیمچە ئەزمونی بەکارهێناوە، ئەنجامەکە کارایی بەرنامەی پێشنیارکراوی لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەلای خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزمونی دەرخستوە، هەروەها لێکۆڵینەوەی الرفاعي (2022، ص.102) دەریخستوە، تێکەڵکردنی ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە فێرکردنی نوسینی داهێنەرانە بەشداری لە چاکترکردنی ڕەوانی و نەرمی لەلای خوێندکاران بە شێوەیەکی ڕوان دەکات.

**بەدواداچون لەسەر لێکۆڵینەوەکانی پێشو:**

لە لێکۆڵینەوەکانی پێشو ڕون دەبێتەوە، گرنگیدانی زیاد بە کاریگەری ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە فرە گۆڕاوەکانی فێرکردن هەیە، وەکو دەستکەوت و خوێندنەوەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی داهێنەرانە. توێژینەوەی ئێستا هاوڕایە لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی ڕێبازی نیمچە ئەزمونیان بەکارهێناوە.

لەبەرئەوەی توێژینەوەی ئێستا بەوە جیادەکرێتەوە، لە بنەماوە لە سنوری زانیاری توێژەرە، یەکەمی ئەو لێکۆڵینەوانەیە هەوڵی گەڕان بەدوای کاریگەری ستراتیژەکانی دوای مەعریفەی لەسەر کارامەیی "نوسینی داهێنەرانە" بە دیاریکراوی داوە، لە ڕەوتی فێرکردنی "زمانی کوردی" بۆ قۆناغی ئامادەیی، کە کەلێنی توێژینەوە لەو بوارە پڕدەکاتەوە.

**- بەشی سێیەم: ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی-**

ئەو بەشە وەسفێکی دوردەکاری بۆ ڕێکارە ڕێبازییەکە وەردەگرت کە توێژەر پەیڕەوی کردوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە و تاقیکردنەوەی گریمانەکە، هەروەها خستنەڕوی ڕێبازی

توێژینەوەکە و کۆمەڵگەکە و نمونەکە و ئامرازەکانی و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەزمونەکە و ئامرازەکانی ئاماری بەکارهاتو لە شیکارکردنی داتاکان دەگرێتەوە.

**1- ڕێبازای توێژینەوەکە**

بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی توێژینەوەکە، کە ئامانجی پێوانی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆیە (ستراتیژەکانی دوای مەعریفە) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (کارامەیی نوسینی داهێنەرانە)، توێژەر ڕێبازی نیمچە ئەزمونی (Quasi-Experimental Method) بەکارهێناوە، کە لەسەر نەخشەکێشانی دو کۆمەڵەی هاوتای (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) دانراوە، بە پێوانی پێشەکی و کۆتایی. ئەم ڕێبازە گونجاوە بۆ ئەو توێژینەوانەی لە ژینگەی پۆلی ڕاستەقینە بەڕێوەدەچێت، کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی تەواو وەکو لە تاقیگەکان دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێن ( Creswell & Creswell, 2018, p88).

ڕاسپاردەی لێکۆڵینەوەی الجنابي (2023، ص.84)، دەبێت گرنگی بە جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە چوارچێوەی بڕیاردراوەکانی زمانەوانی لە قۆناغی ئامادەیی بکرێت، کە کاریگەری ڕونی لە چاکترکردنی کارامەیی بیرکردنەوەی نوسینەکی و داهێنان دەبێت.

**2- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەمی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە خوێندنگەی دواناوەندی حکومی، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دیالە/ قەزای خانەقین، بۆ ساڵیخوێندنی 2025 – 2026 ز.

**3- نمونەی توێژینەوەکە**

نمونەی بە مەبەستی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەڵبژاردوە، بریتییە لە خوێندنگەی "دواناوەندی قەندیلی تێکەڵ". نمونەکە پێکدێت لە دو پۆلی خوێندن، کە (40) خوێندکار لەخۆدەگرێت، بە هەرەمەکی دابەشیکردون بۆ دو کۆمەڵەی هاتا:

* کۆمەڵەی ئەزمونی: پێکهاتوە لە (20) خوێندکار.

* کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو: پێکدێت لە (20) خویندکار.

**4- ئامرازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی جێبەجیکردنی**

* ئامرازی توێژینەوەکە: بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ئامرازی سەرەکی بەکارهێناوە و پەرپێداوە، بریتییە لە: "تاقیکردنەوەی کارامەیی نوسینی داهێنەرانە بە زمانی کوردی.

* ڕێکارە ئەزمونییەکە: جێبەجێکردنی ئەزمونەکە (3) هەفتەی خایاندوە، لەو ماوەیە سێ بابەتی نوسینەکی (نوسینی کۆتایی چیرۆك، نوسینی دەقی وەسفی، نوسینی خاترە) وتوەتەوە، بە بەکارهێنانی بەرنامەی دانراو لەسەر ستراتیژەکانی دوای مەعریفە وانەی بە کۆمەڵەی ئەزمونی وتوە، بەڵام بە ڕێگای کلاسیکی وانە بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو وتوە.

**5- ئامرازی ئاماری**

بۆ شیکارکردنی ئەو داتایانەی کۆکردونەوە، بەرنامەی پاکێجی ئاماری () بۆ ئەنجامدانی ئەو چارەسەرانە بەکارهێناوە:

**1 ناوەندی ئاماری(Mean)** بەکارهێناوە خستنەڕوی ئاستی ئەدای خوێندکار لە تاقیکردنەوەکانی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو، هەروەها بۆ بەراوردکردنی نێوان دو کۆمەڵەکە.

**2 لادانی پێوەری(Standard Deviation)** بەکارهێناوە بۆ پێوانی ڕادەی توندی نمرەی خوێنکاران لە ناوەند، هەروەها خستنەڕوی ڕادەی هاوتایی تاکەکانی هەر کۆمەڵەیەك.

**3 جیاوازی لە نێوان مامناوەندییەکان (Mean Difference)** بەکارهێناوە بۆ هەژمارکردنی بڕی چاکتربون لە ئەدەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزمونی بەراورد بە کۆنترۆڵکراوەکان، کە گەیشتوە بە (46، 10) نمرە.

**4 تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ(Independent Samples T-Test)** بەکارهێناوە بۆ زانینی، ئەگەری جیاوازی لە نێوان ناوەندی هەردو کۆمەڵەکە بە بەڵگەی ئاماری، بەهای هەژمارکراو (95، 8) گەورەترە لە خشتەیی.

**5 نمرەی ئازاد(df)** بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی بەهای خشتەیی بۆ تاقیکردنەوەی (ت)، کە گەیشتوە بە (38) نمرەی ئازاد.

**6 ئاستی بەڵگەی ئاماری(α = 0.05)** بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی، ئەگەری جیاوازی لە نێوان دو کۆمەڵەکە بە بەڵگەی ئاماری، دەرکەوتوە جیاوازی بە بەڵگ لەو ئاستەدا هەیە.

**7 قەبارەی کاریگەری(Cohen's d)** بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی هێزی کاریگەری بەرنامەی دانراو لەسەر ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە چاکترکردنی کارامەیی نوسین، گەیشتوە بە (83، 2)، ئەوە کاریگەری زۆر گەورەیە.

**- بەشی چوارەم: خستنەڕوی ئەنجام و شرۆڤە و گفتوگۆکردنیان -**

ئەو بەشە خستنەڕوی ئەو ئەنجامانە وەردەگرێت کە لە ڕێگای چارەسەرکردنی ئاماری داتاکان پێی گەیشتوە، دواتر شرۆڤەی ئەنجامەکان دەکات و لەبەر ڕۆشنایی چوارچێوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشو گفتوگۆیان دەکات، تاکو دەگات بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێك لە دەرئەنجام و ڕاسپاردە.

**یەکەم: خستنەڕوی ئەنجامەکان**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە و تاقیکردنەوەی گریمانەکان، داتا گشتییەکانی لە ماوەی جێبەجێکردنی کۆتایی بۆ تاقیکردنەوەی کارامەیی نوسینی داهینەرانە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە کە پێکهاتوە لە (40) خوێنکار لە دواناوەندی قەندیلی تێکەڵ، شیکار کردوە. دو خشتە وردەکاری نمرەکان ڕون دەکاتەوە، کە خوێندکارانە هەریەك لە دو کۆمەڵەکە بەدەستیانهێناوە.

**خشتەی (1): نمرەی خاو لە خوێندکارانی گروپی ئەزمونی (ن = 20)**

2073
مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 25 /آذار/2026
المجلد(7)- العدد(1)-الجزء(2) IASJ–Iraqi Academic Scientific Journals

| ژمارەی خوێندکار | ڕواندنەوە لە (10) | نەرمی لە (10) | ڕەسەنایەتی لە (10) | کۆی گشتی نمرەکان لە (30) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 9 | 8 | 8 | 25 |
| 2 | 10 | 9 | 9 | 28 |
| 3 | 7 | 7 | 6 | 20 |
| 4 | 9 | 9 | 8 | 26 |
| 5 | 8 | 8 | 7 | 23 |
| 6 | 10 | 9 | 9 | 28 |
| 7 | 9 | 8 | 8 | 25 |
| 8 | 8 | 7 | 7 | 22 |
| 9 | 9 | 9 | 9 | 27 |
| 10 | 7 | 8 | 7 | 22 |
| 11 | 9 | 9 | 8 | 26 |
| 12 | 10 | 9 | 10 | 29 |
| 13 | 8 | 8 | 8 | 24 |
| 14 | 9 | 9 | 9 | 27 |
| 15 | 8 | 8 | 7 | 23 |
| 16 | 10 | 10 | 9 | 29 |
| 17 | 8 | 7 | 7 | 22 |
| 18 | 9 | 9 | 8 | 26 |
| 19 | 8 | 8 | 8 | 24 |
| 20 | 7 | 9 | 8 | 24 |

خشتەی (2): نمرەی خاولە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو (ن = 20)

| ژمارەی خوێندکار | ڕواندنەوە لە (10) | نەرمی لە (10) | ڕەسەنایەتی لە (10) | کۆی گشتی نمرەکان لە (30) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 6 | 5 | 4 | 15 |
| 2 | 5 | 4 | 3 | 12 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 3 | 7 | 6 | 5 | 18 |
| 4 | 4 | 3 | 3 | 10 |
| 5 | 6 | 5 | 4 | 15 |
| 6 | 5 | 5 | 4 | 14 |
| 7 | 7 | 7 | 6 | 20 |
| 8 | 3 | 4 | 3 | 10 |
| 9 | 6 | 6 | 5 | 17 |
| 10 | 5 | 4 | 4 | 13 |
| 11 | 6 | 5 | 5 | 16 |
| 12 | 4 | 3 | 3 | 10 |
| 13 | 7 | 6 | 6 | 19 |
| 14 | 5 | 5 | 4 | 14 |
| 15 | 6 | 6 | 5 | 17 |
| 16 | 4 | 4 | 3 | 11 |
| 17 | 5 | 5 | 4 | 14 |
| 18 | 7 | 6 | 5 | 18 |
| 19 | 4 | 3 | 2 | 9 |
| 20 | 6 | 5 | 5 | 16 |

**دووەم: شیکاری ئاماری بۆ ئەنجامەکان**

بۆ بەراوردکردنی ئەدای دو کۆمەڵەکە، تاقیکردنەوەی تائی (T-Test) بۆ دو نموونە سەربەخۆکە بەکارهێناوە، خشتەی خوارەوە ئەنجامی کۆتایی بۆ چارەسەری ئاماری ڕون دەکاتەوە.

**خشتەی (3): ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ بەڵگەی جیاوازی لە نێوان مامناوەندییەکانی دو کۆمەڵەکە**

| گۆڕاو | کۆمەڵە | ناوەندی هەژماری | جیاوازی لە نێوان مامناوەندەکان | لادانی پێوەری | قەبارەی کاریگەری Cohen’sd | نمرەی ئازاد | بەهای "ت" | ئاستی بەڵگە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی هەموەکی | ئەزمونی | 24.95 | 10.46 | 3.50 | 2.83 | 38 | 8.95 | 0.00 |
| | کۆنترۆڵکراو | 14.49 | | 3.88 | | | | |

ئامانجی ئەم بەشە خستنەڕ و شیکارکردنی ئەو ئەنجامانەیە لە خشتەی (3) خراونتەڕو، کە پەیوسەتن بە گۆیمانە سەرەکییەکان بۆ خوێندن، کە گریمانەی بونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە گۆڕاوی پاشکۆ (نمرەی هەمەکی)، لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی دەکات. بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستی ئەو گریمانەیە،کە تاقیکردنەوەی "ت" بۆ نموونە سەربەخۆکان بەکارهێناوە (Independent Samples t-test).

**1. شیکاری وەسفی (Descriptive Analysis)**

داتا وەسفییەکان لە خشتەکە ئاماژە بە بونی جیاکاری لە ئەدای نێوان دو کۆمەڵەکە دەکەن. ناوەندی هەژماری بۆ ئەدای کۆمەڵەی ئەزمونی گەیشتوە بە ($M = 24.95$) بە لادانی پێوەری ($SD = 3.50$). لە بەرانبەردا ناوەندی هەژماری بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتوە بە ($M = 14.49$) بە لادانی پێوەری ($SD = 3.88$). ئەو جیاوازیە لە ناوەندییەکاندا دەردەکەوێت، کە دەگاتە بە (10.46) خاڵە، سەرکەوتن لە ئەدای کۆمەڵەی ئەزمونی هەیە، کە بە پێی بەرنامەکە بوە، یان چارەسەری بەراوردکردن بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی بەرنامەکە نەبوە.

2. شیکاری بەڵگەیی

بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی ئەو جیاوازیە دیارەی لە نێوان دو ناوەندییەکە هەیە جەوهەرییە و بە بەڵگەی ئامارییە، یان تەنها جیاوازی هەڕەمەکییە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕیکەوت، پشکنین بۆ ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" کراوە، دەرکەوتوە ئەنجامەکە بەو شێوەیەیە:

* بەهای "ت" و نمرەی ئازاد: بەهای "ت" هەژمارکراو گەیشتوە بە $t(38) = 8.95$. ئەو بەها بەرزە ئاماژە بە بونی جیاوازی گەورە لە نێوان ناوەندی هەردو کۆمەڵەکە دەکات، سەبارەت بە هەڵەی پێوەری بۆ جیاوازی لە نێوانیان.

* ئاستی بەڵگەی ئاماری (p-value): بەهای ئاستی بەڵگەکە گەیشتوە بە ($p = 0.000$)، ئەوە بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەنوسرێت کە ($p < 0.001$). کەواتە ئەو بەهایە زۆر بچوکترە لە ئاستی بەڵگەی پشتپێ بەستو لە لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتی و پەروەردەییەکان ($\alpha = 0.05$)، ئێمە گریمانی گریمانەی سفری دەکەین، دەڵێن بێ بونی جیاوازییە، هەروەها گریمانەی شوێنگرەوە قبوڵ دەکەین، کە جەخت دەکاتە سەر بونی جیاوازی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان دو کۆمەڵەکە.

لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بە متنانەی باڵای ئاماری بڵێین، جیاوازی تێبینیکراو لە نێوان ئەدای کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، جیاوازی ڕاستی و جەوهەرییە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (بەرنامەی ئەزمونی) نەك بۆ فاکتەری ڕێکەوت.

**3. شیکاری قەبارەی کاریگەرییەکە (Effect Size Analysis)**

بۆ زانینی گرنگی پرۆسەکە یان جێبەجێکردنی ئەو جیاوازییە ئامارییە، "قەبارەی کاریگەرییەکە" بە بەکارهێنانی هاوکێشەی "کۆهین دی" (Cohen's d) هەژمارکراوە. بەهای قەبارەی کاریگەرییەکە

گەیشتوە بە (d = 2.83). بەپێی پێوەری ناسراوی بۆ شرۆڤەی بەهای کۆهین (Cohen, 1988)، ئەو بەهایە بە زۆر گەورە دادەنرێت (Very Large).

قەبارەی کاریگەری زۆر گەورە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەرنامەکە یان چارەسەر ئەزموونییەکە بەپێی پێویست کارا نەبوە، بەڵکو کاریگەری بەهێزی و بەرجەستەی زۆری لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ هەبوە، بە وتایەکی دیکە، دەتوانین شرۆڤەیەکی بکەین بە نزیکی 83، 2 لادانی پێوەری لە جیاوازی نمرەی خوێنکاران لە ڕێگای ئینتیمایان بۆ کۆمەڵەی ئەزمونی هەیە. ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەنجامەکە تەنها بە بەڵگەی ئاماری نییە، بەڵکو بە بەڵگەی زانستی و پەروەردەیی گەورەیە.

**سێیەم: گفتوگۆی ئەنجامەکان**

ئەو ئەنجامە بە شێوەیەکی کۆتایی جەخت لە کارایی بەرنامەی جێبەجێکراو لەسەر تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزمونی دەکات. دەتوانین ئەو سەرکەوتنە جەوهەرییە لەبەر ڕۆشنایی چوارچێوەی تیۆری شرۆڤە بکەین، کە خوێندنی لەسەر بونیادنراوە، دەردەکەوێت بەرنامەکە سەرکەوتو بوە لە پێدانی کارامەیی و مەعریفەی بە ئامانگیراو بە خوێندکاران، کە بوە بە هۆی پەرەپێدانی ئەداکانیان بە شێوەیەکی گەورە، بەراورد بە هاوتاکانیان لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە ڕێگای کلاسیکییان پەیرەوکردوە.

گواستنەوە تەنها لەبەر سەلماندنی بونی جیاوازی ئاماری بۆ جەختکردنەوە لە بونی قەبارەی کاریگەری زۆر گەورە، هێزی زیادە بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەبەخشێت، هەروەها ڕاماندەسپێری دەتوانین جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە لەسەر نمورەی فراوانتر پەخش بکەین، بۆ سودبینین لە کاریگەرییە ئەرێنییە بەرجەستەکانی. ئەو ئەنجامە چەندایەتییە بەهێزە گونجاوە لەگەڵ چەندان لە لێکۆڵینەوەکانی پێشو لەو بوارەی کە کاراییەکەی سەلماندوە، وەکو ئەو دەست تێوەردانە پەروەردەییانە، هەروەها ئەو ئەنجامە هاوڕایە لەگەڵ ئەو ئەنجامەی لێکۆڵینەوەکەی (2024، ص.127)پێی گەیشتوە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە، تێکەڵکردنی دوای مەعریفە لە فێکردنی زمانی کورد، پاڵپشتی متمانەی خودی بە نوسین دەکات، هەروەها ڕەسەنایەتی و ڕوانی لەلای خوێندکار پەرەپێدەدات.

**چوارەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان**

**دەرئەنجامەکان:**

1- وانەوتنەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ستراتیژیەکانی دوای مەعریفە، بە دەروازەیەکی کارا دادەنرێت، بۆ گەشەپێدانی نوسینی داهێنەرانە.

2- دەتوانین گەشە بە داهێنان لەلای خوێندکارانی پۆلی چوارەی ئامادەیی بدەین، لەسەر ئەو بنەمایەی کارامەیەکە شیاوی فێربوونە.

ڕاسپاردەکان:

1- مامۆستایان: پێویستە ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە وتنەوەی کارامەییەکانی نوسین بە زمان تەبەنی بکەن.

2- بۆ پلاندانەری پرۆگرامەکان: دەوڵەمەندکردنی پرۆگرامی زمانی کوردی بە چالاکی پاڵپشتیکردنی بیرکردنەوەی ئاگایی و ڕێکخراو.

پێشنیارەکان:

لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانە لە داهاتودا دەکات:

1- توێژینەوە لە کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژەکانی دوای مەعریفە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی زمانەوانی دیکە (وەکو قسەکردن یان خوێندنەوەی تێگەیشتنی ڕەخنەیی).

2- توێژینەوە لە کارایی بەرنامەی هاوشێوە لەسەر قۆناغەکانی خوێندنی جیاواز (وەکو قۆناغی دواناوەندی) یان لەسەر گۆڕاوی دیکە (وەکو پاڵنەری ڕەوە و فێربون).

**سەرچاوەکان:**

1. الجنابي، ميس عبد الكريم. (2023). أثر استخدام استراتيجيات ما وراء المعرفة في تنمية التفكير الإبداعي والتحصيل اللغوي لدى طلبة المرحلة الإعدادية. مجلة القادسية التربوية، 28(1)، 65–90.

2. الرفاعي، نوال حسن. (2022). أثر برنامج تدريبي قائم على استراتيجيات ما وراء المعرفة في تحسين الكتابة الإبداعية لدى طلاب اللغة العربية في المرحلة الثانوية. مجلة دراسات تربوية ونفسية، جامعة بابل، 48(3)، 90–115.

3. الرفاعي، نوال حسن (2022). العلاقة بين التفكير الإبداعي والوعي فوق المعرفي لدى طلبة المرحلة الإعدادية. مجلة جامعة بابل للعلوم التربوية، العدد (3)، ص 110–129.

4. الطناوي، عفت مصطفى. (2005). أثر استخدام بعض استراتيجيات ما وراء المعرفة في تنمية التحصيل والتفكير الابتكاري في العلوم لدى تلاميذ الصف الأول الإعدادي. مجلة كلية التربية بالمنصورة، (58) الجزء الثاني، 1–30.

5. حميد، سارة عبد الجليل. (2024). فاعلية استراتيجيات ما وراء المعرفة في تنمية مهارات الكتابة الإبداعية لدى متعلمي اللغة الكردية كلغة ثانية. مجلة جامعة كركوك للعلوم الإنسانية، 31(2)، 111–138.

6. خليل، رائد محمود. (2020). فاعلية برنامج قائم على ما وراء المعرفة في تنمية مهارات التعبير الكتابي لدى طلبة اللغة الكردية في المرحلة الإعدادية. مجلة التربية الأساسية، جامعة ديالى، 26(107)، 221–244.

7. الشمري، أحمد عبد الله. (2021). فاعلية استراتيجيات ما وراء المعرفة في تنمية التفكير التأملي ومهارات الكتابة الإبداعية لدى طلبة المرحلة الإعدادية. مجلة جامعة بغداد للعلوم التربوية، 33(2)، 155–180.

8. صلاح الدين محمد عرفة. (2006). فاعلية برنامج مقترح في البلاغة قائم على تكامل فني الشعر والنثر في تنمية التفكير الإبداعي لدى طلاب الصف الأول الثانوي. مجلة القراءة والمعرفة، كلية التربية، جامعة عين شمس، (52)، 25–60.

9. عبد الوهاب، محمد محمد. (2000). فاعلية استراتيجيات ما وراء المعرفة في تنمية مهارات الفهم في القراءة لدى طلاب المرحلة الثانوية. دراسات في المناهج وطرق التدريس، الجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس، (66).

10. جروان، فتحي عبد الرحمن. (2002). الإبداع: مفهومه – نظرياته – قياسه – معاييره – تدريبه – مراحله. عمان: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.

11. منسي، محمود عبد الحليم. (2001). الإبداع في الفن والعلم. الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

12- Costa, A. L. (1991). The School as a Home for the Mind. Palatine, IL: Skylight Publishing.

13- Creswell, J. W., & Creswell, J. D. (2018). Research Design: Qualitative, Quantitative, and Mixed Methods Approaches (5th ed.). Sage Publications.

14-Flavell, J. H. (1979). Metacognition and Cognitive Monitoring: A New Area of Cognitive–Developmental Inquiry. American Psychologist, 34(10), 906–911.

15-Frey, B. B. (2018). The SAGE Encyclopedia of Educational Research, Measurement, and Evaluation. Sage Publications.

16-Harris, K. R. (2003). The Research on Instructional Practices that Promote Creativity: The Case for Writing. Paper presented at the Annual Meeting of the American Educational Research Association, Chicago.

17-Paris, S. G., & Winograd, P. (1990). How Metacognition Can Promote Academic Learning and Instruction. In B. F. Jones & L. Idol (Eds.), Dimensions of Thinking and Cognitive Instruction (pp. 15–51). Hillsdale, NJ: Lawrence Erlbaum Associates.

18-Schraw, G., & Dennison, R. S. (1994). Assessing Metacognitive Awareness. Contemporary Educational Psychology, 19(4), 460–475.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 25 /آذار/2026
المجلد(7)- العدد(1)-الجزء(2) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

**effect of using metacognitive strategies on developing creative writing skills in the Kurdish language among preparatory school students**

**Keywords:** Metacognitive strategies, creative writing, Kurdish language, preparatory stage.

**Summary:**

This study aims to identify the effect of using metacognitive strategies on developing creative writing skills in the Kurdish language among preparatory school students.The importance of the study stems from its attempt to modernize the teaching methods of the Kurdish language in line with contemporary thinking that emphasizes learners' awareness of their own mental processes.

Metacognitive strategies are considered modern approaches that enable learners to plan, monitor, and evaluate their writing, thus improving the quality of their written products and enhancing their creative abilities.

The researcher adopted a quasi-experimental design with two equivalent groups (experimental and control).

The experimental group was taught through a program based on metacognitive strategies, while the control group was taught by the traditional method.

The sample consisted of 40 fourth-grade preparatory students from Qandil Secondary School for Boys and Girls in Diyala Governorate for the academic year .(2026–2025)To achieve the objectives of the study, a test was developed to measure creative writing skills (fluency, flexibility, and originality).

The results revealed a statistically significant difference at the (0.05) level in favor of the experimental group, indicating the effectiveness of the metacognitive strategies program in improving creative writing skills.

The effect size (Cohen's d) was calculated as (2.83), which represents a very large effect, confirming the strong influence of the program.

The study concluded that training students on metacognitive strategies makes the writing process more conscious and organized and develops their ability to produce texts characterized by fluency, flexibility, and originality.

It recommended integrating metacognitive-based activities into Kurdish language curricula and training teachers on how to apply these strategies in writing lessons.

The researcher also suggested conducting further studies to explore the effect of metacognitive strategies on other language skills such as reading comprehension and speaking.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 25 /آذار/2026
المجلد(7)-العدد(1)-الجزء(2) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals


# أثر استخدام استراتيجيات ما وراء المعرفة في تنمية مهارات الكتابة الإبداعية باللغة الكردية لدى طلاب المرحلة الإعدادية

م.م. علاء حبيب لطيف جاسم
كلية التربية المقداد – جامعة ديالى
Gmail alaah.muq@uodiyala.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** استراتيجيات ما وراء المعرفة، الكتابة الإبداعية، اللغة الكردية، المرحلة الإعدادية

**الملخص:**

يهدف هذا البحث إلى التعرف على أثر استخدام استراتيجيات ما وراء المعرفة في تنمية مهارات الكتابة الإبداعية باللغة الكردية لدى طلاب المرحلة الإعدادية.

جاءت أهمية الدراسة من كونها تسعى إلى تطوير طرائق تدريس اللغة الكردية بما يتناسب مع متطلبات التفكير الحديث القائم على الوعي بالعمليات العقلية أثناء التعلم، إذ إن هذه الاستراتيجيات تُعد من المداخل الحديثة التي تساعد المتعلم على التخطيط، والمراقبة، والتقويم الذاتي أثناء الكتابة، مما يؤدي إلى تحسين جودة نتاجه الكتابي وزيادة طاقاته الإبداعية.

اعتمد الباحث المنهج شبه التجريبي بتصميم المجموعتين (التجريبية والضابطة)، حيث درست المجموعة التجريبية وفق برنامج قائم على استراتيجيات ما وراء المعرفة، في حين درست المجموعة الضابطة بالطريقة التقليدية، تكونت عينة البحث من (40) طالبًا من طلاب الصف الرابع الإعدادي في ثانوية قنديل المختلطة بمحافظة ديالى للعام الدراسي (2025–2026).ولتحقيق أهداف البحث أُعد اختبار لقياس مهارات الكتابة الإبداعية (الطلاقة، المرونة، الأصالة) حيث أظهرت النتائج وجود فروق دالة إحصائيًا عند مستوى (0.05) لصالح المجموعة التجريبية، مما يدل على فاعلية البرنامج القائم على استراتيجيات ما وراء المعرفة في تحسين مهارات الكتابة الإبداعية، كما تبين أن حجم الأثر (Cohen's d) بلغ (2.83)، وهو ما يشير إلى أثر قوي جدًا للتجربة.

استنتج الباحث أن تدريب الطلبة على استراتيجيات ما وراء المعرفة يسهم في جعل عملية الكتابة أكثر وعيًا وتنظيمًا، ويُنمّي قدراتهم على إنتاج نصوص تتصف بالطلاقة والمرونة والأصالة.

وأوصى البحث بضرورة تضمين مناهج اللغة الكردية أنشطة قائمة على التفكير فوق المعرفي، وتدريب معلمي اللغة على توظيف هذه الاستراتيجيات في دروس الكتابة، كما اقترح إجراء دراسات مستقبلية حول أثر هذه الاستراتيجيات في مهارات لغوية أخرى مثل الفهم القرائي والمحادثة.